www.kurdistannet.org

6-2-2007 23:33 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کەمتر لە سێ هەفتە تا کۆتایی یەکەم هوشدار بە ئێران ... کامەران باوزی

. بریتانیا

لەحاڵێک دا کە گوشارەناو دەوڵەتیەکان ڕۆژ لە دوایّ لە سەر ئێران بەرەو زیاد بونن وهەتا کۆتایی 2 مانگ مۆڵەتە کەی کە بۆ ڕاگرتنی بەرنامە ئتۆمیەکانی تەرخان کرابوو کەمتر لە 20 ڕۆژ ماوە، کەچی تاران هیچ هەنگاوێکی نەهاویشتووە لەم بارەیەوە و جیهانی لە چاوەڕوانی دا هێشتوتەوە، ئاخۆ لە3 هەفتەی داهاتودا چی ڕوئەدات
لە لایەک ئەحمەدی نەژاد بە لەبەر چاو نەگرتنی گوشارو هەڕەشە جیهانیەکان جەخت لە سەر بە ئەنجام گەیاندنی بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئەکات و هندێک لە پەرلەمان تار و بەر پرسانی سوپای پاسداران ئەگەری داخستنی ڕێی هاتو چۆ لە تەنگەی هۆرمزی کەنداو بە باش ئەزانن ئەگەر بێتو گووشارەکان لە سەر ئێران زیاد بکرێت، بە هەمان شێوە لە بریارێکی تر دا مۆلەت پێ نەدان بە 38 کەس لە گرووپی چاو دێرانی ئەتۆمی لە لایەن ئێران و هەروەها وتەکەی ئیوانۆف کە باس لە هالۆزی بارودۆخی دانوستاندنەکانی نێوان ئێران و ڕۆژ ئاوا ئەکات وە پشت ڕاستکردنەوەی هەوالی بەستنی 3 هەزار سانتریفیۆژ لە لایەن بروجێردی بەرپرسی کۆمیسیۆنی نیشتیمانیو سیاسەتی دەرەوەی پەرلەمانی ئێران.
لە لایەکی ترەوە دەستەی دانوستاندن لە مەڕ بەرنامە ئەتۆمیەکەی لە بیرو بۆچونەکانیان دا زۆر بە هێمنانە جەخت لەسەر بەردەوام بونی دانیشتن و کۆبونەوەکان لە گەڵ وڵاتانی زلهێز ئەکەن وو بە هیوای چارە سەری ئاشتیانەن و هەروەها لاریجانی بەرپرسی دەستەی دانوستاندن ئێرانی ئەڵێت پێشنیارەکانی سەرۆکی ئاژانسی نێو دەوڵەتی وزەی ئەتۆمی بە هەند وەرئەگرین و ئەبێ ئەم پێشنیارانە پەروەردە بکرێن.
جگە لەم هەمو بگرەو بەردە سەرانی ئێرانی لەبارەی خەتەری ڕووبەڕوبونەوەی هێرشی سەربازی لە گەڵ ڕۆژئاوا بە بیرو بۆچونی جیاوازهەڵ ئەسەنگێنن و ژمارەیەکی زۆر لە بەر پرسانی ئێرانی و بە تایبەت ئەحمەدی نەژاد هەواڵ و ڕاگەیەندنەکان لەبارەی ئەگەری هێرش بۆ سەر ئێران و زیاد کردنی هێز لە کەنداو تەنها بە جەنگی (ڕەوانی) ئەزانن بۆ ترساندن و چۆک پێ دانانی وەلاتەکەیان.، بەلاّم موحسین ڕەزایی فەرماندەی پێشوی سوپای پاسداران و سەرۆکی ئێستای دیوانی بەرژەوەندی نیزام، شەڕی ئەمریکا دژ بە ئێران بە سەت لە سەت ئزانێت.
ئەوەی لەم نێوانەدا زۆر سەرنج ڕاکێشە و لە هەمان حالیشدا تار و نادیارە دووبارە و سێ بارە کردنەوەو درێژە پێدانی قسە و ووتارە توندەکانی ئەحمەدی نەژاد و ڕەخنە گرتنەکانی دەستەی بەهێزو حاکم لە ئێران لە سەر لێدوانەکانی نەژاد.
هەتا ئێستا تاران بریارێکی یەکلا کەرەوەی نەداوە وو پێناچێت بەو زوانە و لەو ماوە کەمەی بەردەمی دا بریاری کۆتای دەر کەن و ئەم کێشەیە یەکلا بکەنەوە، کورد وتەنی ئەم هەویرە زۆر ئاو ئەبات.
هەر لایەنەو بە پێی بەرژەوەندی خۆی قسەئەکات و پلان دادەنێت، پلانو بۆچونی ڕۆژئاوا زۆر ڕونو ئاشکرایە لەهەمبەر ئێران، بەڵام پلانی ئێران شەفاف نیە و کەس نازانێت کۆتاییەکەی چۆنە، ئێران هەم خوای ئەوێت و هەمیش خورما و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org

6-2-2007 23:33 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

بۆ پاراستنی جێو شوێنی خۆی لە هیچ شتێک درێخی نەکردووەو ناشی کات هەر
لە کارو کردەوە ناوخۆیەکانی دژ بە بیرو بۆچونە سیاسیە جیاوازەکانەوە بگرە
هەتا ئەگات بە دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆی وەڵاتانی تر، لێرەدا نامهەوێت
لە بابەت لا بدەم تەنانەت ئەڵێم ئێرانیکان لە گرتنی ماسی لە ئاوی لێڵ و قوراو دا
و بۆ ئەم مەبەستەش هەر خۆیان ئەبێت ئاوەکە قوراو بکەن، بەڵام قوڕاوی ئەم
جارەیان زۆر خەست بوو وا پێ ئچێت خۆیان ببن بە خۆراکی ماسیەکان و بەناچار
ئەبێت ئژنۆ بۆ ڕۆژئاوا دابدەن، من لەو باوەڕە دا نیم کە ئێرانیەکان لە یەکێتی
سۆڤیەتی بەهێزتربن ڕاستە جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان یەکێتی سۆڤیەتی ئەوسا
و ئێرانی ئێستا و هەروەها وەڵاتانی موسوڵمان و هاوپەیمانی ئەمریکا کە زۆر بە
ڕاشکاوانە لە دوای بێ هێز کردنی ئێرانن کاریگەری هەیە لە مەسەلەکاندا.
هەرچەند لە داهاتویەکی نێزیک دا هەرەشەو گورەشەی و زۆر لە هەردووک لاوە
چاوەڕوان ئەکرێت، بەڵام ئێران بە گۆڕانکارییێک یاخود بە بەهانەی دەستکەوتێکی
باش (هەرچەند خەیاڵی) پاشە کشێ ئەکات و وەکو هەمیشە خۆشی بە قارەمان
لە قەڵەم ئەدات.
لە کۆتایی دا ئەڵێم ڕاستە ئێرانیەکان پێشوازی گەرمیان لە ئاخر شوێنی سەدام
کرد و مەرگی ئەویان بە جەژنێکی گەورە وەسف کرد بەڵام من لەو باوەڕە دا
نیم کە شوێنێکی لەم جۆرە بۆ خۆیان پەسەند بکەن و بە باشی بزانن.

kamranbauzi@msn. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.